# مولازم موحسین و مودیری ئەمنی سلێمانیی ڕێزیان لێگرتم!

**چەند سەرنجێک لەسەر بیرەوەرییە 29 ساڵەکەی نائب عەبدوڵا**



**قادر ڕەشید (ئەبو شوان)**

2009

# مولازم موحسين و موديری ئەمنی سلێمانیی ڕێزیان لێگرتم!



شەهیدی نەمر عایدە یاسین (أم علي)

بەر لەوەی بێمە سەر هۆی بڵاوکردنەوەی ئەم بەسەرهات و بیرەوەرییەی نائب عەبدوڵا لەم باوردۆخەدا کە حیزبی شیوعی کوردستان تێیکەوتووە ، ئەبێت ئەوە بڵێم کە بەشێک لە کادێری پێشکەوتوو کە لەو کتێبەدا ناویان هاتووە ، ئەوانەن کە لەو نەهامەتییانەوە گلاون و ئەوا ساڵانێکە هەوڵئەدەن و ئەیانەوێت خۆیان لە بەرپرسیاریی

دەربازبکەن ، بۆیە پێویستیان بە هەر کەس و نوسینێکە کە پاکانەیان بۆ بکات ، ئیتر گرنگ نیە ئەو کەسە کێیە! بۆیە بە ئاشکرا لەو کتێبەدا دەرئەکەوێت کە کەسانێک کتێبەکەی نائب عەبدوڵایان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە ، زۆر بە ساویلکەیی دستتێوەردانیان کردووە. نائب عەبدوڵاش وەک کەسێکی لێقەوماو ، لەو نەهامەتییەی بەسەر خۆی و حیزب و هاورێیانی هێناوە ، خۆی پێشانئەدات!

ئەم کتێبەی لە پێش سێ ساڵدا بۆ چاپکردن ئامادەبووە ، بەڵام ڕایانگرتووە بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ! دەستیانکردووە بە زاخدا و ئەوەندەی تر شێواندوویانە و خراپتریان کردووە و قوڕەکەش بۆ سەری نائب زۆر بە خەستتر گیراوەتەوە! کلۆڵیی نائب و کتێبەکەی هەر لە پێشەکییەکەیەوە دەستپێئەکات کە کەسێک بۆی نوسیوە کە خۆشی وەک نائب دووچاری گرتن بووە و بەرائەتیداوە! و ئەویش ئەڵێت: "من ئەم نوسینە بەرزئەنرخێنم و دەسخۆشیی لە نوسەرەکەی ئەکەم و ئەڵێم خۆزگە هەموو تێکۆشەرێک یادەکانی خۆی ئاوا بنوسیایەتەوە.". پەندێکی پێشینانی عەرەبیی ئەڵێت: ڕیشۆڵە بوو بە کەفیلی چۆلەکە و هەردووکیشیان باڵدارن! کەسێک دەربارەی ڕووداو و بەسەرهاتی خۆی و دوای چەند ساڵێک بنوسێت ، ئەوە ڕاستگۆیی و بوێریی ئەوێت ، لە کاتێکدا کەسانێکی تریش ئاگادارن و بەشداربووبن لە ڕووداوەکاندا و هێشتا لە ژیاندا مابن و کەم ، یان زۆر شاهیدی ڕووداوەکانن!

بە مەبەست بێت ، یان لە نەزانینەوە ، پەنای بۆ ڕۆژ و مانگ و ساڵ بە ڕادەیەکی بەرچاو لە زۆرینەی ڕووداوەکاندا نەبردووە! یان تەنیا ساڵی باسکردووە! ئەمە سەر لە خوێنەر

ئەشێوێنێت و کات و مێژووی ڕووداوەکان ونن!
نائب عەبدوڵا (ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی عێراق) ، خۆی داوە لە قەرەی زۆر باس کە 28 ساڵە خۆی لێیان بێدەنگ کردووە! وەک گرتنەکەی خۆی لە لایەن بەعسەوە لە سلێمانیی لە ساڵی 1981 دا و ئازادکردنی لە لایەن مولازم موحسینی (دیموکراتخواز و بەستەزمانەوە!).
هەر وەک لە لاپەڕە 150 ی کتێبەکەیدا ئەڵێت: (... کە گیرام ، مولازم موحسین و مودیری ئاسایشی سلێمانیی ڕێزیان لێگرتم! بۆ ئەوەی ئەشکەنجە بدرێم ، پرسیاریان لێئەکردم و منیش وەڵامیانم ئەدایەوە! ... مودیری ناوچەی شیمال وتی: من لە پۆڵۆنیا کۆرسم بینیوە کە نابێت ئازار و ئەشکەنجەی گیراو بدەین.)!
ئەوە درۆی نیسان نیە! ئەوە نائبە لە کتێبەکەیدا وا ئەڵێت!
هەروەها بۆ سەلماندنی ڕاستیی بەسەرهاتەکانی ، پشتی بە کەسانی کۆچکردوو بەستووە!
پیاهەڵدان بە شان و باڵی هاوڕێیانی سەرکردە و ئەندامانی حیزب بە خاووخێزانیانەوە و کەسی لێ تەرک نەکردوون! بێگومان لەو کەسانەی کە خۆی مەبەستیەتی! و بێدەنگییان لە گرتن و ئیعترافەکانیدا ، تا ئێستا هەڵبژاردووە!
ئەو شێوازە لای نائب ، بەتایبەتیی لەو بارودۆخەی کە بە سەریدا هاتووە! بیەوێت بەو شێوەیە پاساوی بداتەوە ، سەیر و سەمەرە نیە! هەروەها وەک تەسلیمکردنەوەی چەک بە بەعس و زۆر بابەتی تریش.
لە لاپەڕە 12 دا ئەڵێت: (من نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر ئەم بەشەم نوسی و ئامادەمکرد تا چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە ، بەڵام پێش ئەوەی ئەو کارە بکەم نوسینەکەم پێشانی چەند هاوڕێ و برادەرێکی خۆم دا. لە دوای گفتوگۆیەکی زۆر ،

دەرکەوت کەموکوڕییەکی زۆری تیادا بوو ، بەتایبەتیی ناوی هاوڕێیان کە ئەوسا من لە بەر پاراستن هیچ ناوێکم نەنوسیبوو چونکە ئەوسا مەترسی گەڕانەوەی بەعس هەبوو.. لەبەر ئەمانە نوسینەکەم بە نادروست دەرچوو ، هەر بۆیە دواخستت بۆ دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس)!
لە ڕاستییدا وا نیە. لە چاوخشاندنێک بە بەشی یەکەمی نوسینەکەیدا ( بیرەوەری 21 ساڵی تێکۆشان ) کە لە سەردەمی بەعسدا بڵاویکردەوە ، لە 100 لاپەڕەدا 240 ناوی هاوڕێیان و خوشکان لە عەرەب و کورد ، لە پارتی و بێلایەن ، لەوانەی لە ژیاندا ماون لە کوردستان و خوارووی عێراق نوسیوە!
ئەگەر سەیری 130 لاپەڕەکەی تر بکەین ئەبێت بە زیادتر لە 500 کەس کە ناویان ئاشکرا کراوە ، تەنانەت ناوی ئەفسەری پلەداری شیوعی کە پلەی حیزبییشی دیارییکردووە و لە ژیانیشدا ماوە ، وەک ڕەئیس مستەفا بەرپرسی گرتنی کۆشکی پاشایەتی لە شۆڕشی 14 ی تەموزدا ، بریندار بوو بە گوللەی پاسەوانەکانی (وەسی) ، ئەوە جگە لەوەی ناو هەیە بە دەیان جار دووبارە و چەندبارە کراونەتەوە ، بۆ نمونە: ناوی عومەری عەلی شێخ ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، باسی کار و ئەرکی حیزبیی کردووە و هێشتا لە ژیاندا ماوە! ئیتر بە چ ویژدانێک نوسەر ئەم ناڕاستییە بەو زەقییە بە خوێنەر ڕائەگەیەنێت و چەواشەی ئەکات کە گوایە ناوی کەسی نەنوسیوە! و لەبەرئەوەش بەشی دووەمی دە ساڵ دواخستووە!
باسی کاری نهێنی هاوبەش لەگەڵ پەخشان زەنگەنە و شەهید عایدە یاسین و ئەبو محەمەد ئەکات و گەڕانەوەی پەخشان زەنگەنە لە ترسی گرتن لە بەغداوە بۆ سلێمانیی و چاوەڕێکردنی هاتنی عایدە یاسین (هاوسەری هاوڕێ

بەهادین نوری) بۆ سلێمانیی و گرتنی کتوپڕی عایدە یاسین و دواتر باسی گرتنەکەی خۆی بە چەند لاپەڕەیەک ئەکات و دواتر دێتە سەر گرتنی ئەندامانی لیجنەی محەلیی سلێمانیی.
نائب نەیویستووە ، لەبەر هەر مەبەستێک بێت! گرتنی هاوڕێیانی تر لە (عەربەت!) ئاشکرا بکات! لە کاتێکدا کە هەمان ئەو بەسەرهاتانە لە ماوەیەکی کورتدا ڕوویانداوە ، بەڵام تا ئەمڕۆش ، لە لایەن سەرکردایەتی حیزبەوە لێکۆڵینەوە نەکراوە و هەڵوێست وەرنەگیراوە و دیزەبەدەرخۆنەکراوە ، واتە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ، لێکۆڵینەوە لەوانەی لە کتێبەکەیدا ناویان هاتووە ، نەکراوە! بەتایبەتیی لە هاوڕێ عومەر عەلی شێخ (ئەندامی پێشووی م. س) کە بەرپرسی ڕێکخراوە نهێنیەکانی ناوەوەی عێراق و کوردستان بووە! ئەبووایە ئەو زیانانە کە شەهید و زیندانییکردن و ئەشکەنجەیان لێکەوتووەتەوە ، بە ڕاستگۆییانە و وەک خۆی باسبکرانایە! بۆچی تا ئێستا نەکراوە؟
ئەوە پرسیارێکە و پێویستی بە وەڵامە و ناکرێت هەر کەسێک کە لە سەردەمێکدا ڕێکخراوەکانی تەسلیم بە دوژمن کردبێت و پاش 30 ساڵ لاف و گەزافی پاڵەوانیی و قارەمانیی لێبدات و نەوەکانی دوای خۆی هەڵبخەڵەتێنێت و کەسێکیش لەو حیزبەدا نەبێت پێی بڵێت: نا کاکە وا نیە ، تۆ ئەوە نیت! ئایا مێژووی خۆتت لەبیرچووەتەوە؟
لە ماوەی ئەو 11 ساڵەی بزوتنەوەی چەکداریی حیزبی شیوعی عێراقدا لە شاخ ، ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزب لە ناوەوەی وڵات توشی چەندان کارەسات و سەرگەردانیی جۆراوجۆری بەردەوام بوون! ژمارەیەک لە هاوڕێیان بە

ئاشکرا و نهێنی ، بوون به هاوکاری بەعس و ەو خوشکە عەرەبانەی لە شاخەوە بە نهێنی ئەنێررانەوە بۆ بەغدا و شارەکانی خوارووی عێراق بۆ کاری حیزبیی ، کتوپڕ ئەگیران و شەهید ئەکران!

ئەوەش دیاردەیەک بوو کە هەموو کەسێک بە ئاشکرا هەستیپێئەکرد ، بەڵام تا ئێستاش کەس لێپرسینەوەی لەو کەسانەی سەرکردایەتی حیزب نەکردووە کە بەرپرسی ناردنەوەی ئەو هاوڕێیانە بوون بۆ ناو شار و بەعسیش لەوێ چاوەڕێی گەیشتنیانی ئەکرد!

- ئایا ئەوە لۆجیکە کە ئەو کارەساتانە هەموویان بە ڕێکەوت ڕوویاندابێت؟ خۆ ئەگەر ڕێکەوتیش بووبێت! ئایا ئەوە کاری "عەبقەرییەکانی مەکتەبی سیاسی" نەبوو کە پلانەکانیان بگۆڕن و کەس نەنێرنەوە بۆ ناو شار و بەکوشتیان نەدەن ، تا ڕێچارەیەکی تر ئەدۆزنەوە؟

- ئایا کەسێک نیە کە بەرپرس بێت لەو هەڵە کوشندانە کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی دەیان هاوڕێی قارەمان؟

باس و قسەی زۆر هەبوو لەسەر ئەو هاوڕێیانەی لە ناوخۆدا کاری نهێنییان ئەبردبەڕێوە. لەملا و ئەولا قسە و قسەلۆکیان لەسەر بوو کە گوایە گیراون و بەردراون ، بەڵام ماونەتەوە و کاری حیزبییان کردووە! بۆ نمونە لە ساڵی 1985 دا و دوای حەوت ڕۆژ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی شیوعی عێراق لە شاخ ، بە تەواویی دۆکیومێنتەکانی کۆنگرەی چوار لە ڕێی دەوڵەتی کوەیتەوە ، کەوتە دەست بەعس ، (بڕوانە کتێبەکەی فاتیح ڕەسوڵ ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ، بەرگی سێیەم لاپەڕە406). باسی گرتنی ئەو دۆکیومێنتانەی کۆنگرەی چوار ئەکات کە لە پاش حەفتەیەک لە بەستنی کۆنگرە ، ڕۆژنامەکانی کوەیت و

لوبنان ناوی ئەو کەسانەیان بڵاوکردبووەوە کە لە کۆنگرەدا خۆیان هەڵبژاردبوو بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ، بەڵام دەنگیان نەهێنابوو ، لەبەرئەوەی کە هەمیشە قائیمەی حیزب سەرئەکەوێت!
تا ئێستاش ئەو کارەساتە نەخراوەتە ژێر لێپرسینەوەوە و باس نەکراوە! کێن ئەوانەی بەرپرسیارن لەو کارەساتە؟ ئەمە مشتێکە لە خەرواری کارەساتەکان کە تا ئەمڕۆ بە شاراوەیی ماونەتەوە و سەرکردایەتییەکان خۆیان لێ کەڕ کردووە و کەس ناوێرێت باسی ئەو کارەساتانە بکات کە لە لایەن سەرکردەکانی پێش خۆیانەوە بەسەر حیزبدا هاتوون!
ئەوە چ کارەساتێکە کە تا ئێستا سەرکردایەتییەکی نوێ لە مێژووی ئەم حیزبەدا ، یەخەی دوو کەسی نەگرتبێت و بڵێت ئێوە بەرپرسن لەو کارەساتە کوشندانەی کە لە فڵان سەردەمدا بەسەر حیزبدا هاتووە و بوونەتە هۆی شەهیدبوونی سەدان و هەندێک جار هەزاران هاوڕێ ، تەنانەت هەندێک جاریش بوونەتە هۆی گۆڕینی تەواوی هاوکێشە سیاسییە نیشتمانییەکان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران ، هەر وەک ساڵانی 1958 ، 1973 و ساڵانی دەسەڵاتی خۆماڵیی لە باشوری کوردستاندا!
ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیادتر و بەتایبەتیی لەم بارودۆخەدا کە حیزبی تێکەوتووە و لە جەماوەر دابڕاوە ، پێویستمان بە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی ڕاستینە هەیە و دور لە میزاجی کەسیی و سۆزەوە.
نائب عەبدوڵا تیشکی سەوزی بۆ هەڵکراوە بۆ شێواندنی ڕاستیی ڕووداوەکان! وەک شانۆگەرییەکی سەیر و سەمەرە ، لە کتێبەکەیدا لێیان ئەدوێت! گومان لەوەش نیە کە خۆشی باوەڕی بەو دەمەتەقێی گوێ ئاگردانەی خۆی نیە! چونکە

لێدوان لە مێژوویەک کە خەڵکانێکی تر لە نزیکەوە ئاگادارbن ، کارێکی ئاسان نیە!
چۆن نائب ئەیەوێت وای دابڕێژێت و بۆی بچێتە سەر و باوەڕیش بە دەوروبەرەکەی و خوێنەرانیش بهێنێت کە پێی قایل بن؟
ئەو دارشتنەی نائب دروستکراوە و بە مەبەستی شێواندنی بەگرتندانەکەی شەهید عایدە یاسینە! بەدەستەوەدانی ئەندامانی لیجنەی محەلیی سلێمانییە!
نائب ئەڵێت: حیزب بۆچوونی وا بوو کە گیرام ، پێیان بڵێم من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی بووم و وازم هێناوە! ئیتر بەرئەدرێم!
ئەوەی سەیرە و جێی سەرسوڕمانە! لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕە 192 دا ، ئەڵێت: زۆر پێشتر هاوڕێ (عومەرعەلی شێخ) قسەی زۆری بۆ کردم کە ئەگەر گیرام و توانیم ، بڵێم وازم لە حیزب هێناوە! منیش لەبەرئەوەی لە ماڵی خۆماندا گیرام و هیچ شتێکی حیزبیی و سیلاح ، تەنانەت هەویە ساختەکەشم پێنەگیرا ، توانیم بڵێم وازم لە حیزب هێناوە و بڕوام بە حیزب نەماوە و ئامادەم لەو حیزبە شیوعییەی بەعسدا کە دروستی ئەکەن ، ئیش بکەم و فێڵیان لێبکەم!
بە هەموو پێوەر و پەیڕەوی ناوخۆ و لە بەرنامەی هیچ حیزبێکی شیوعی لە دنیادا نیە و هەرگیز وا بە کادێری سەرکردە (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی!) ناوترێت ، بەڵکوو لۆجیکیش نیە پێی بوترێت!
پێویستە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی عێراقەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو باسە لەگەڵ عومەر عەلی شێخ بکرێت کە چۆن ئەو فتوایەی داوە بە نائب عەبدوڵا و خاوەنی شاردنەوەی دەیان جۆر کارەساتی تری لەو جۆرەیە!

ئەوەی کە مایەی گاڵتەجاڕییە ، هەر ئەو سەرکردە عەبقەرییانە! بە چاوێکی تر سەیری ئەندامانی ساکاری خوارەوەی حیزبیان ئەکرد و دوای گرتنیان و تەعەهوددان و بەرائەتدان ، ئەیاندایەوە بە چاویاندا و ئەیانوت تەعەهودیانداوە و لە هەموو کارێکی حیزبیی و پێشمەرگایەتی دوریانئەخستنەوە و بەرپرسیارییان نەئەدانێ ، لە کاتێکدا ئەوانیش پێیانوترابوو کە گیران بەرائەت بدەن ، بەڵام بە پاکیی بمێننەوە ، کەچی ئەبو فاروق ، نائبێک کە ئەندامی بەرزترین ئۆرگانی حیزبەکەیە و بەرائەتی داوە! لەگەڵ هاتنەدەرەوەیدا تۆزقاڵێک لە بەرپرسیارییەکانی کەم ناکاتەوە و ڕاستەوخۆش ئەیکات بە بەرپرسی حیزبیی سلێمانیی!

- ئایا لە ناو حیزبدا بانێکە و دوو هەوا؟

- ئایا چینایەتی لە ناو حیزبێکی شیوعیدا ڕەوایە؟

- بەرائەتدانی سەرکردە ، قارەمانیی بێت و ئەمڕۆ نائب پێمان بفرۆشێتەوە و لە هەمان کاتدا هەمان کردار بۆ ئەندامانی خوارەوەی حیزب ، سوکایەتی بێت؟

- کامەیان ڕاستە؟ بەرائەتی سەرکردەیەکی خاوەن دەیان ساڵی تێکۆشان ، یان ئەندامێکی ساکاری لاوی تەمەن بیست ساڵ؟ لە کاتێکدا "ئەگەر"! بە هەردووکیان وترابێت کە گیرایت بەرائەت بدە!

- ئەبێت سەرکردە نمونەی خۆڕاگریی بێت! ئایا ئەبو فاروق تەنیا ئەو فتوایەی بە گوێی نائبدا دابوو ، یان بەوانی تریشی وتبوو؟

- ئەی بۆ عایدە یاسین هەر وەک نائب بە بەعسی نەوتبوو وازی لە حیزب هێناوە! هەر بۆ ئەوەی کە وەک نائب (بەعس هەڵبخەڵەتێنێت!) و ڕزگاری ببێت؟

- ئەی دکتۆر حبیب المالح (بەرپرسی محەلیی هەولێر) ، لە سەرەتای ساڵی 1981 دا و هەر لەو کاتەدا کە نائب گیرا ، بۆچی پارچەپارچە کرا! بۆ حیزب وای بەویش نەوتبوو تا وەک نائب بەرەڵا ببێت و لە عومەر عەلی شێخەوە پلەی بەرزی پێبدرێتەوە؟
- ئەی (دکتۆر صفاء الحافظ و دکتۆر صباح الدرة) لە بەغدا لە ساڵی 1980 دا گیران و بێسەروشوێن کران ، بۆ وایان پێنەوترا و وەک نائب بەرببن؟
- ئەی خوشکە قومری هاوسەری هاوڕێ مەحمودی دەلاک ، بۆ وای پێنەوترا تا بەریبدەن و ئەشکەنجەی نەدەن؟ کاتێک کە لە کەناڵی کوردسات باسی ئەشکەنجەدانەکەی خۆی کرد لە ئەنجامی ئیعترافکردن لەسەری! هەموو بینەرانی هەژاند کە چ دڕندەییەکیان بەرامبەری کردووە. نائبیش لە کتێبەکەیدا بە ساکاریی و بۆ پەڕاندنەوەی خۆی کە گوایە ئیعترافی لەسەر نەکردووە ، بە تەنیا سێ وشە ئەڵێت: (قومری گیرا و بەربوو)! ئەوەش بۆ ئەوەیە کە بە خوێنەر و هاوڕێیان بڵێت: منیش هەر وا (گیرام و بەربووم)!
- ئەی نەورۆز شاوەیس ، خدر ، مەلا بەکر و مامۆستا کەمال محەمەد ئەمین ، بۆچی ساڵ و نێوێک لە بەندیخانەدا مانەوە و لە ئەنجامی ئەشکەنجەداندا کەنەفتە بوون و تا ئێستاش شوێنەواری ئەو ئەشکەنجەدانانە ، شەوانە ئازاریان ئەدات و بەم ڕۆژگارە بە ڕێی دکتۆر و نەخۆشخانەوەن! بۆچی وەک نائب بەرائەتیان نەدا و بەرنەدران؟ لە کاتێکدا کە نائب بەرپرسی یەکەم و ڕاستەوخۆیان بوو!
- ئایا ئەوەی بۆ سەرکردەی عەبقەری حەڵاڵە! بۆ ئەندامانی حیزب حەرامە؟
- ئایا نائب بە گێڕانەوەی ئەو ڕابوردووە پڕ لە

شەرمەزارییەیەوە ، ئەیەوێت ئەندامانی حیزب فێری خۆڕاگریی بکات! یان پێیان بڵێت (حیزبی چی و خەباتی چی! هەر کاتێک بەرەو ڕووی کارەسات بوونەوە ، پیاو ئەو پیاوەیە کە خۆی دەرباز بکات)!
- نائب باسی ئەوە ئەکات کە پەخشان زەنگەنە پێی وتووە ، عایدە یاسین لەگەڵ هەر کەسێک قسە بکات ، دوای ئەوە ئەگیرێت!



ئەوەش وەک خۆی لە کتێبەکەیدا باسی کردووە ، گوایە ئەبو محەمەدی ئەندامی لیجنەی محەلیی بەغدا گیراوە و کاری بۆ بەعس کردووە و شەهید عایدە و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پایتەختی ئاشکرا کردووە!
باشە ئەگەر پەخشان زەنگەنە ئەو ڕاستییە بزانێت و زوو زووش سەردانی بەغدای کردبێت و لەگەڵ شەهید عایدە یاسین دا کۆبووبێتەوە ، ئەی چ خێرە ئەویشیان نەگرتووە؟ یان وا دیارە ئەو" مەناعەی "گرتنی هەبووە!
هەروەها نائب لە کتێبەکەیدا ئەڵێت عایدە یاسین زوو زوو ئەهات بۆ سلێمانیی.
باشە ئەگەر شەهید عایدە وەک پەخشان زەنگەنە وتوویەتی

لەگەڵ هەر کەسێکدا قسەئەکات ، ئەو کەسە ئەگیرێت! ئەی ئەوە مانای ئەوەش نیە کە لە هاتنەکانیدا بۆ سلێمانیی ، هەر لەژێر چاودێرییدا بووە و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ نائب و پەخشاندا لەژێر چاودێریی بەعسدا بووە!
ئایا چاودێرییکردنی شیوعییەکان لە لایەن بەعسەوە ، تەنیا لە پایتەختدا بوو؟ یان وا دیارە کاتێک کە شەهید عایدە و پەخشان زەنگەنە لە پایتەختەوە ئەگەڕانەوە بۆ سلێمانیی ، ئیتر بەعس هەر لە سەیتەرەکانی تاسڵوجە و عەربەتەوە ، چاودێریی لەسەریان هەڵئەگرت؟ ئایا ئەوە ئەچێتە عەقڵی مێشوولەشەوە؟
ئەوانە و سەدان باسی تر ، هەموویان پرسیارن و پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە.
تۆ بڵێیت بەشدارانی ئەو شانۆگەرییەی ناو کتێبەکەی نائب و دەوروبەرەکەی! وا بزانن قەواعیدی حیزب پێی وایە بەری ڕۆژ بە بێژنگ ئەگیرێت! بەتایبەتیی ئەمڕۆ لاوانی کوردستان لاپەڕەی سپی ئەخوێننەوە!
داوا و پرسیار زۆرە لە حیزب کە لێکۆڵینەوەی خۆی بکات لەسەر ئەو کتێبەی نائب ، بەرگی دووەمی ، وەک سەرچاوەیەک بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان کە بەشێکی گرنگن لە گەمەکردنی تاکەکان لە سەرکردایەتیدا بە مێژووی حیزبی شیوعی عێراق و کوردستانەوە!
هەروەها چاوپۆشییکراوە لە چۆنیەتی شەهیدبوونی پۆلێک لە شەهیدانی ڕێکخراوەکانی ناوەوە و شاردنەوەی پۆلێک لە کەسانی ڕوخاو و موعتەریف و بەرائەتدەر ، نە جارێک و نە دووان و.. تد کە تا ئەمڕۆش هەندێکیان بەرپرسیارییان هەیە! بۆچی بێدەنگیی لێئەکرێت؟

## گرتن و بەربوونی نائب

نائب عەبدوڵا لە لاپەڕە 149 دا ئەڵێت: (ویستم بچم بۆ ماڵی هاوڕێ خدر ، وەختێ گەیشتمە کۆڵانە باریکەکە ، ئافرەتێک لەناو دەرگای ماڵەکەی خۆیاندا ئیشارەتی بۆ کردم بگەڕێمەوە ، منیش گەڕامەوە ، ئەویش فاتمەخانی ساڵحە خرە بوو!

ئەوەی جێی سەرنجە ، فاتمە خان کۆچی دوایی کردووە! لەو سەردەمەشدا پیاوکوژەکانی بەعس پەلاماری هەر ماڵێکی حیزبییان بدایە ، بێگومان کۆڵان و گەڕەک و سەربان و ناوچەکەیان ئەخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و هەر کەسێک بەو ناوەدا بڕۆیشتایە ، ئەگیرا و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ئەکرد. نائب گەیشتووەتە ناو کۆڵانەکە و بەر ماڵی هاوڕێ خدر کە بڕیارە کۆبوونەوەکەی مەکتەبی محەلی لێبکرێت و چاوەڕێی نائب ئەکەن ، بەڵام بە ئیشارەتێکی فاتمە خان ، گوایە گەڕاوەتەوە و ڕزگاری بووە!

لە لاپەڕەی 150 دا ئەڵێت: پاشەوپاش گەڕامەوە و بە تەکسی ڕۆیشتم بۆ ماڵی خۆمان و وتم ئەگەر بشگیرێم با لەماڵی خۆمدا بگیرێم!

**- ئەوە چ حیکمەتێکە کە مرۆڤ لە ماڵی خۆیدا بگیرێت؟ بۆچی هەزاران شیوعی لە عێراق و کوردستاندا کە گیران و شەهیدکران ، کەمیان لە ماڵی خۆیاندا و لەبەر چاوی ژن و مناڵەکانیان گیران و دواتر شەهیدیان کردن؟**

**- باشە ، ئەگەر خۆی بە تەکسی دەربازکردبێت! بۆچی چووە ماڵەوە بۆ ئەوەی بیگرن؟ لە کاتێکدا کە بەعس ئەیزانی ماڵی لە کوێیە؟ باشە نەئەکرا سەرکردەیەکی وا" عەبقەری!" ، لە ناو بازاڕدا لە تەکسیەکە داببەزێت و خۆی ونبکات ، لە کاتێکدا کە دەیان ماڵی نهێنی حیزبیی ئەزانی و ئەناسی و**

ئەیتوانی بچێتە ماڵێکی حیزبیی و خۆی بگەیەنێتەوە هاوڕێیان و حیزب ئاگاداربکات لە بارودۆخەکە؟
ئەڵێت لە دوای کاژێرێک مولازم موحسین و مەفرەزەکەی هاتن و گرتمیان!
- چۆن مولازم موحسین وا کتوپڕ لەو ماوە کورتەدا دای بەسەر ماڵی خدردا و ئەویش و نەورۆز و مەلابەکر و مامۆستا کەمالیان گرت و ئەوانیش هەر بەو کتوپڕییە و بە کون فەیەکونێک ، خۆیان بەدەستەوەدا و بێ ئەوەی بیانبەن بۆ لێکۆڵینەوە! هەر لە بەر دەرگای ماڵی خۆیاندا ئیعترافیان لە سەر تۆ کرد و مولازم موحسین وەک بروسکە گەیشتە ماڵتان و گیرایت؟ ئاخر ئەگەر بەپێی تیۆرییەکەی ئاینشتانیش بێت ، هەر بەو ماوە کەمە ناتوانن بگەنە سەرت!
- ئایا ئەم خۆڵکردنە چاوە ، ڕاستە؟ باوەڕ بەم هەڵبەستراوە شاخدارە بکەین؟ هاوڕێکانت ئەڵێن نائب مولازم موحسینی هێنایە سەرمان!
- بە هەموو پێوەرێکی کاری نهێنی حیزبیی ، لە ڕووداوی وا دا ، لۆجیک نیە نائب ڕوو بکاتە ماڵی خۆی و چاوەڕێی گرتن بکات! ئەوە ناچێتە عەقڵی مێشوولەشەوە و مەسیح و مەهاتما گاندییش ئەوەیان نەکردووە!
- ئایا مرۆڤ لەو کاتەدا خۆی ڕزگارئەکات! یان ئەچێتەوە ماڵی خۆی و سەر و ڕیشی ئەتاشێت و خۆی ئەگۆڕێت و چاوەڕێی مولازم موحسین ئەکات؟
- ئایا ساویلکەترین کەس لەو کاتەدا ڕوو ناکاتە جێیەکی تر، تەنانەت خێزانەکەشی پێی نەزانێت؟
لە لاپەڕە 151 دا ئەڵێت: پێموتن") ڕاستە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی بووم، بەڵام وازمهێناوە ."ئەوە بڕیاری حیزب بوو وا بڵێم!

هەروەها ئەڵێت: بەرپەرچی مودیری مەنزومەی شیمال و مودیری ئەمنی سلێمانیی و مولازم موحسینم دایەوە و وتم بارزانیی لەگەڵ ئیسرائیل نیە و عەزیز محەمەد سەردانی بارزانیی کردووە ، بەڵام ڕێی تێناچێت سەربە ئیسرائیل بن!

لە لاپەڕە 154 دا ئەڵێت: پێیان وتم حیزبێکی شیوعی دروستئەکەین و لە سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا کار بکە! نائبیش لە وەڵامیاندا ئەڵێت: وتم بەرمبدەن ئەوا لەو حیزبەدا کە ئەتانەوێت دروستی بکەن ، کارتان لەگەڵدا ئەکەم! ئەوانیش وتوویانە: بەسەر چاو بەرت ئەدەین ، فەرموو بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆت!
ئەڵێت: منیش هاتمەوە ماڵەوە و بە دایکی گەلاوێژم وت فێڵم لە ئەمن و موخابەرات کرد ، بەریاندام! هەڵبستە بڕۆین بۆ دەرەوە بۆ لای سەرکردایەتی حیزب!
- باشە وەک سەرکردەیەکی سوپەرمانیی کە بەعس هەڵبخەڵەتێنێت !نەئەکرا لە ناو شاردا بمێنێتەوە و بزانێت ڕێکخراوەکانی چییان بەسەر هاتووە و ئەوسا داوا لە سەرکردایەتی بکات شار بەجێبهێڵێت یان نا! پەلەی چی بوو؟ خۆ پێیان وتبوو بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆت!
- نازانم چۆنە نەینوسیوە ئەو بەرپرسانەی ئەمن و بەعس داوای لێبوردنیشیان لێکردووە و لێی پاڕاونەتەوە کە بە (سید الرئیس (نەڵێت کە سەغڵەتیان کردووە؟ چونکە ئەوە فەرمانی سەدام بوو کە هەر ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بگیرێت ، ئەبێت ئاگاداری بکەنەوە و بە بێ بڕیاری سەدام ، هیچیان لەگەڵ سەرکردە و کادێرانی باڵای حیزبدا نەئەکرد! ئەو ڕاستییەش دوای ڕوخانی ڕژێم ، بە بەڵگە دەرکەوت.

- باشە کە خۆی ڕزگارکرد ، ئیتر ئەبێت ڕێکخراوەکانی وەک شوانێک چۆن لە ترسی گەلەگورگ مەڕەکانی جێئەهێڵێت ، ئاوا بەجێیانبهێڵێت بۆ گەلەگورگی بەعس! بە ئەو دەربڕینە ساویلکەییەی ، عوزرەکەی لە بەڵاکەی قەباحەتتر کردووە!

هەروەها ئەڵێت لە ئەمن یەکێک هاتە ژورەوە و وتی کەمال نەبێت ، هەموو ئەوانی تر چوونە ژێر بارەوە!
ئەوەش بەپێی هەموو لۆجیکێک مانای ئەوەیە کە مەلا بەکر و نەورۆز و خدر ئیعترافیان لەسەر نائب کردووە ، چونکە ئەو بەرپرسی ڕاستەوخۆیان بووە و لە کاتی گرتنەکەیاندا چاوەڕێیان کردووە کە بچێتە کۆبوونەوەکەیان ، نەک لەجیاتی ئەو ، مولازم موحسین بچێتە ناو کۆبوونەوەکەیانەوە و بیانگرێت!
لێرەدا ساکارترین پرسیار کە منداڵێکیش عەقڵی بۆی ئەچێت ئەوەیە :ئەگەر ئەو هاوڕێیانە ڕاستییان لەسەری وتبێت ، وەک خۆی شاهیدیی ئەدات و لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی! باشە چۆن بەعس بڕوای بە قسەکانی نائب کرد کە وازی لە حیزب هێناوە و بەرەڵایان کردووە؟
پێم وایە ئەو شانۆگەرییەی باسی ئەکات ، تەنانەت خۆشی باوەڕی پێی نیە و تەنیا بۆ چەواشەکردنی ڕاستیی ڕووداوەکانە ، بەڵام زۆر بە ساکاریی و منداڵانە باسەکان ئەگێڕێتەوە کە منداڵێکیش ناتوانێت باوەڕی پێبکات! لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە بۆ پەڕاندنەوەی خۆی لەو کارەساتەدا ، بە خۆی نازانێت کە ڕووی جەلادەکانی بەعس سپی ئەکات و وای پێشانئەدات کە بەعس بوهتان و درۆودەلەسەی بۆ ئەکرێت و ئازاری کەسیان نەداوە و دامودەزگاکانی ئەمن دیوەخان و یانەی (وتووێژی سیاسی!)

بوون ، نەک جەهەنەمی ئازار و ئەشکەنجەدانی تێکۆشەران و شیوعییەکان!

هەروەها چەند باسێکی تر جێی سەرنجن.
- نامەی مودیری ئەمن بۆ نائب ، لە کەرەجاڵ لە بارەگای مەڵبەندی سلێمانیی -کەرکوک ، کەوتە دەستی مەلا عەلی ، نامەکە خوێنرایەوە ، مودیری ئەمن داوای لێئەکرد کە هەموو وەعدەکانی جێبەجێبکات!
- لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەشی نەکردووە کە چۆن ئەمن لە سلێمانییەوە ڕەوانەی شاخیان کردووە! نەک ئەو سیناریۆیەی لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕە 158 تا 199 ، واتە زیادتر لەو لاپەڕانەی کە لە سەرگرتنەکەی نوسیویەتی!
- کە چووە ئێران ، ئەوە ڕۆیشتنی جاری دووەمی بوو ، ئیتر نەهاتەوە ، تا لەسەر حسابی خۆی و بە یارمەتی برادەرانی پارتی و یەکیەتی وەک خۆی لە کتێبەکەیدا باسی ئەکات ، نەک بە هاوکاریی حیزب! گەیشتە مۆسکۆ بۆ لای منداڵەکانی. ئیتر بە چ لۆجیکێک حیزب یارمەتی بدات. ئەوانەشی سەردانیان کردووە لە ڕێی حیزبەوە نەبووە و کەسیان بەسەرهاتی ڕاستینەی نائبیان نەزانیوە! ناوی چەند هاوڕێیەکی ڕیزکردووە کە گوایە لەو ماوەیەدا کە لە ئێران ژیاوە ، سەردانیان کردووە و بەسەریانکردووەتەوە! یەکێک لەو ناوانەش هاوڕێ دکتۆر نەوزادە! من گومانم هەبوو لەو باسە ، چونکە لەو سەردەمەدا و وا بزانم دواتریش ، جگە لە هاوڕێ دکتۆر نەوزاد وەلی ، دکتۆر نەوزادی ترمان نەبووە.
بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە و دەربارەی ئەوەی کە بەو شێوەیە ناوی هاتووە پرسیارم لە هاوڕێ نەوزاد کرد و بەم جۆرە وەڵامی دامەوە:

(سەردان و بەسەرکردنەوەی هاوڕێیان و دۆست و برادەران ، کارێکی کۆمەڵایەتی و ئەمەک و وەفادارییە و نائب و زۆری تر لە هاوڕێیان ، تەنانەت برادەرانی لایەنەکانی تریش ، من بەو خەسڵەتەوە ئەناسن.

خۆتان ئاگادارن کە لە سەرەتای هەشتاکاندا هاوڕێ ئەبو سەلام لە حیزب و پێشمەرگایەتی دەریکردم و لە بارەگای مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوک کورتە بەیانێکی لەسەرم نوسی و بە دیوارەکەدا هەڵواسی و بە ناوی ڕاستیی خۆمەوە، ناوی حیزبیی و پێشمەرگایەتیشمەوە بڵاویکردەوە ، هەر ئەوەش بوو منی دەربەدەری وڵاتان و بەزمێکی زۆر کرد.

دواتر خۆشی هەر لەسەر بیروڕای جیاواز ، ئەوەی بە منی کرد ، بە خۆشی کرا!

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە وڵاتی سوید هاتە ماڵم و ژورێکی منداڵەکانم بۆ چۆڵ کرد تا ئیقامەی وەرگرت.

دەیان هاوڕێ هەر لە ئەبو سەربازەوە تا ئەبو تارا و ئەوانی تر ، گلەیی ئەوەیان ئەکرد کە سەلامی کوڕی نەیگرتووەتە خۆی ، بەڵام من بردوومەتە لای خۆم!

بە هەر حاڵ مەبەستم لەو بەسەرهاتە ئەوەیە کە ئەوە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی منە و دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لای من شتێکە و حیزبایەتی شتێکی ترە.

لەو ڕووەشەوە کە نائب ناوی منی هێناوە کە گوایە سەردانیم کردووە لە سنە ، یان هەر شارێکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە لای منەوە کارێکی هێجگار ئاساییە و هیچ لەنگییەکی تیادا نیە ، چونکە من هەر لە سەرەتای منداڵییمەوە نائب و زۆربەی هاوڕێیانی سەرکردایەتی ئەو سەردەمانەم ناسیوە ، بەڵام ڕاستیی شتێکە و نابێت وەک خۆی باس نەکرێت.

هەموو برادەران ئاگاداری ئەوەن کە من لە سەرەتای ساڵی 1984 ەوە و لە دوای دەرکردنەکەم ، لە سوید گیرساومەتەوە و ئەو سەردەمەش کە نائب لە ئێران بووە ، من لە کوردستاندا نەبووم ، دواتریش نەک نەچوومەتە ئێران ، تەنانەت هەر لە ساڵی 1980 وە کە کەرکوکم جێهێشتووە ، تا ئێستا بۆ تەنیا جارێکیش نەگەڕاومەتەوە بۆ کوردستان ، بەڵام هەر بەو بۆنەیەوە ئەمەوێت بڵێم: من لە ژیانمدا دوو جار ماڵی نائب عەبدوڵام بینیوە.

جاری یەکەم لە ساڵی 1974 دا بوو ، لەگەڵ هاوڕێ و دۆستی هەمیشە لەیاد و زیندووم شەهیدی نەمر زاهیر قڕگەیی و شێرزادی ئەحمەد حەبیب و چەند برادەرێکی تردا و بە گەڵابەکەی ئەحمەد حەبیب ، چووین ماڵەکەیمان گواستەوە بۆ نزیکی بارەگای سلێمانیی ، هەر وەک ماڵی ئەبو تارا.

بێگومان لەبەرئەوەی کە پارتی لەو سەردەمەدا هاوڕێیانمانیان ئەگرت و ئازاریان ئەدان ، تەنانەت شەهیدیشیان ئەکردن.

جاری دووەمیش کە ڕێکخراوی سویدی حیزبی شیوعی کوردستانییمان دروستکرد ، بڕیاردرا کە پەیوەندیی پێوە بکەم تا پەیوەندیی بە حیزبی شیوعی کوردستانییەوە هەبێت.



بنکەی بیتوش بەهاری 1981

لە ڕاستەوە: ئارام ، شەهید ڕەحمان ، شەهید هیوا نائب

سەید عەلی جەباریی و دکتۆر نەوزاد

لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم دکتۆر تایەر بابان دا چووین بۆ ماڵەوە بۆ لای کە ئەوسا لە شاری هودیکسڤاڵ ئەژیا و ئەو ڕاسپاردەیەی برادەرانم پێوت ، بەڵام ئەو بڕیاری خۆی دابوو کە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقدا بمێنێت و نەیەتە ناو حیزبی شیوعی کوردستانییەوە و تا ماوەیەکیش ، ئەوەی کە من ئاگادار بووم ، پەیوەندیی "فەردیی" بە ئەبو عەلاوە هەبوو.

وا بزانم دوو جار ، یان سێ جاریش وتاری بۆم نارد تا لە (هەواڵنامەی کوردستان) دا کە بە ناوی ڕێکخراوە کوردستانییەکەوە ، من دەرمئەکرد و چاپ و بڵاومئەکردەوە ، بۆی بڵاوبکەمەوە.

جارێکیش کە شایی بۆ هاوڕێی کوڕی کرد ، بانگمی کرد بۆ شاییەکە ، لە ڕێستورانێک بوو لە شاری ئوپسالا ، بەڵام بۆ شەوەکەی چوومە ماڵی دۆستێکم. دوای ئەوە ئیتر ئاگام لێی نەما.

لێرەدا ئەبێت ئەوەش بڵێم کە لە بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا ، هەوڵمدا و لەناو برادەراندا بۆم بڵاوکردەوە ، بەڵام ئەو کاتە ، منیش وەک سەدانی تر ، ڕاستییەکانم نەئەزانی.

لە شاخیش ، جارجار لەگەڵ هاوڕێیان شێخ ڕەسوڵ ، کەمالی حەبێ و هەردوو شەهیدی نەمر و هەمیشە لەیادم ، هیوای کوڕی کە نمونەی ڕەوشت جوانیی لاوی شیوعی بوو ، لەگەڵ هاوڕێ بایزی سەید باقی کە تا ئێستاش ناتوانم باوەڕ بە خۆم بهێنم کە شەهیدبوون ، ئەهاتنە ماڵمان لە گورگەیەر).

- ئەمە ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە لەوانەیە هەندێک لەو هاوڕێیانەی کە ئەو ناویانی هێناوە ، لە ئێران سەردانیان نەکردبێت! خۆ ئەوە گرنگ نیە ، بەڵام ڕاستیش نیە.

لە کتێبەکەشیدا ئەڵێت هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ حیزبی شیوعی کوردستانییدا بووە ، بەڵام ئەوەش وەڵامدانەوەی بووە بۆ هاوڕێ دکتۆر نەوزاد و پەیوەندیی هەر بە حیزبی شیوعی عێراقەوە بووە ، نەک کوردستانییەکە! مەگەر لەو دواییانەدا!

کارەساتەکە لەوەدایە کە لە سەرکردایەتی حیزبەوە هیچی لە سەر بڵاونەکراوەتەوە! نە لە ناو کادێراندا و نە لە ناو حیزبدا!

- هاوڕێ عومەری مامە شێخە (ئەندامی ئەوسای م . س) ، گرتن و ئیعترافی نائب عەبدوڵای لە هاوڕێیانی کادێر و

پێشمەرگە شاردبووەوە !
نەک هەر ئەوەندەش ، تەنانەت بە پێچەوانەی دابونەریتی حیزبایەتی و کاری نهێنی دژی گەورەترین دیکتاتۆر و فاشیستی سەردەمەوە ، لە کاتێکدا ئەبووایە وەک خۆپاراستنێک ، بۆ ماوەیەکی کاتیی بیانخستایەتە ژێر چاودێرییەوە و لە کاری گرنگ دوری بخەنەوە! بەڵام لە هەمان کاتدا و دژ بەو هەموو پرینسیپانە ، ئەو هاوڕێیە ، نائبی کرد بە سکرتێری محەلیی سلێمانیی و جێگری هاوڕێ بەهادین نوری لە گوندی بێتوش لە کوردستانی ئێران لە ساڵی 1981 دا.
ئەو ڕووداوە تاڵانە ئەو ڕاستییە دەرئەخەن کە ئەو خزمەتگوزارییەی ئەبو فاروق بۆ نائب ، لە پاداشتی کار و ئەرکی ژنوژنخوازییەکەی هاوڕێ عومەرەوە بووە کە نائب ڕۆڵی تیادا هەبوو.
هەر ئەو هۆیەش بوو کە نائبی نیوە خوێنەوار و ناڕۆشنبیری گەیاند پلەی ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و پەیتا پەیتا ئەنێررا بۆ دەرەوەی وڵات بۆ گەشتوگوزار! نائب هەرگیز شایستەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارییە نەبوو ، لە هیچ ڕوویەکەوە!
- کاتێک کە هاوڕێ نەورۆز دوای بەربوونی گەیشتە شاخ ، بەسەرهاتی گرتنەکەی نائبی ئاشکرا کرد کە ئیعترافی لە سەریان کردووە و ئەوە نائب بووە کە مولازم موحسینی هێناوەتە سەریان! ئیتر تەواوی یارمەتییەکانی عومەری مامە شێخە وەک شاردنەوەی ئیعتافاتی نائب لە ڕێکخراوەکانی حیزب لە شاخ ، پوچەڵ بووەوە و هەموو ئەرکێکی حیزبییان لە نائب سەندەوە ، ئەوەش لە ئەنجامی ناڕەزایی و گوشاری پێشمەرگەکان بوو ، نەک هۆشمەندیی

سەرکردەکانی حیزب و ئەبو فاروق!
- نائب عەبدولا ئەڵێت مولازم موحسین بردوویەتی و لەگەڵ بەرپرسە ئەمنییە بەرزەکانی (شیمال!) دا کەمێک وتووێژی کردووە و دواتر وتوویانە فەرموو بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆت! بەڵام باسی ئەوە ناکات کە زیادتر لەو ماوەیە گیراوە و باسی حوسەینی مام جەلال ناکات کە بە ڕێکەوت بە یەکەوە لە ئەمن لە ژورێکدا بوون!
ئەو جوتیارە هەژارە کەسێکی سیاسی و حیزبیی نەبووە ، کاتێک سوپای بەعس ئەگاتە دێی کۆشک ، حوسەین بە گوێدرێژەکەیەوە ئەڕوات بۆ دارهێنان ، بانگی ئەکەن و ناگەڕێتەوە ، ئیتر ئەیگرن و لە ئەمن ئەشکەنجەی ئەدەن ، بە وردیی پەیوەندیی نائب لەگەڵ دەزگای ئەمن چۆن بووە لە هاوکارییکردنی ، بۆ هاوڕێ تۆفیق فەتحوڵای پێشمەرگەی دێرین ئەگێڕێتەوە کە نەفرەت ئەکات لەو خۆبەدەستەوەدانەی نائب بە پیاوانی ئەمن!
ئەڵێت: کاتێک کە ئەمنەکان ئەهاتنە ژورەکەمانەوە ، بێ ئەوەی لە دانانی نەخشەکانیاندا گوێبدەنە من ، پێیان ئەوت ئەم دوگمەیە بکە بە یەخەی کراسەکەتەوە ، ئەگەر کراسەکەشت بشۆیت هیچی لێنایەت! ئێمەش ئاگامان لە هەموو شتێک ئەبێت !
خۆشبەختانە هاوڕێ تۆفیق لە ژیاندا ماوە و لە سویدە. نائب لە کتێبەکەیدا باسی ئەو جوتیارە ناکات! و وا پێشانئەدات کە جگە لە ژوری مودیری ئەمن و چەند خولەکێک نەبێت ، ئیتر هیچ شوێنێکی تری نەدیوە و لەوەش زیادتر نەماوەتەوە!
سەرەتای ساڵی 1987 لە گوندێکی گەرمیان ، ئەو کاتە سکرتێری محەلیی کەرکوک بووم و لە تۆڵەی ڕەخنەکانم لە بەدەستەوەدانی پشتئاشان ، ناردمیان بۆ گەرمیان ، لە

کاتێکدا لە ژیانمدا لە ڕێکخراوی کەرکوکدا کارم نەکردبوو! دوو هەوڵی کوشتنم درا و سەرکەوتوو نەبوون ، ئەو ڕاستییە هاوڕێیانی گەرمیان ئەیزانن. لەگەڵ مام فەتاحدا لە گوندەکەدا دابەشبووین بەسەر ماڵەکاندا ، ئەو ماڵەی ئێمە لێی دابەشبووین ماڵی خدر بوو ، لەگەڵ خێزانەکەی ڕایانکردبوو ، هاتبوون بۆ ناوچەی گەرمیان. زۆر بە وردیی باسی خۆبەدەستەوەدانی نائبی کرد لە گرتنەکەیاندا کە لە سەرەتای ساڵی 1981 دا ئیعترافی لەسەریان کردووە! بەڵام نائب 180 پلە بەپێچەوانەوە لە کتێبەکەیدا لە ڕاستیی گرتن و بەربوونەکەی خۆی ئەدوێت!

پێویستییەکی مێژوویی و حیزبییە کە لەبەر ڕۆشنایی باسەکانی ئەو کتێبەدا ، لێکۆڵینەوە لەگەڵ نائب و هاوڕێ گیراوەکان بکرێت ، هەر کەمترخەمیی و چاوپۆشینێک لە شاردنەوەی ڕاستیی بەسەرهاتەکاندا کراوە ، ئەبێت ئەمڕۆ ، هەرچەندە درەنگیشە ، ئاشکرا بکرێت و بە شێواویی نەچێتە لاپەڕەکانی مێژووی حیزبەوە و نەوەکانی پێهەڵنەخەڵەتێنرێن و کەسانی خۆبەدەستەوەدەر نەبن بە پاڵەوان! ئەو کەسانە بناسرێن کە لە کتێبەکەیدا مەدح و سەنایان ئەکات! تەنیا لەبەرئەوەی بێدەنگن لێی!

لەسەر کۆنگرەی دوو لە دەرگەڵە ، ئەوە هەموو نوسینەکەیەتی کە لە لاپەڕە 16 دا ئەڵێت: (لە ساڵی 1970 لە مۆسکۆ گەڕامەوە و لە هەولێرەوە پێش ئەوەی بچمەوە بۆ سلێمانیی ، یەکسەر هەموو ئەوانەمان کە ئەندامی لیجنەی هەرێمی کوردستان بووین ، براین بۆ (دەرگەڵە) بۆ بەشدارییکردن لە کۆنگرەی دووەمی حیزبدا. دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە من و (نوری ئەحمد کەریم) گەڕاینەوە بۆ سلێمانیی.

ئەمە هەموو باسەکەی بووە لەسەر کۆنگرەی دووی حیزب کە نزیکەی بیست و شەش ساڵ دوای کۆنگرەی یەکەمی حیزب بووە! و بۆ یەکەم جار و بە ئاشکرا بەرەی چەپ و بەرەی ڕاست لە دامێنی کۆنگرەیەکی حیزبەوە سەریان هەڵدا.
تاکە وشەیەکی لەسەر چوونەکەی بۆ مۆسکۆ و کۆنگرەی دووی حیزب باس نەکردووە!
لە ژیانی ژێرزەمینیی حیزبییدا ، بە دەیان کەسی حاشییە و بێتوانا و لێنەهاتوو ، ئەبن بە دستڕۆیشتوو ، پاشان لێمان ئەبن بە قارەمان و لێهاتوو. کاتێکیش کە حیزب دەستئەکات بە کاری ئاشکرا ، ئیتر ئەو گەندەڵییانە ئەکەونە ڕوو.
من ئەندامی کۆنگرەی دوو بووم ، بەرپرسی گەیاندن و گەڕانەوەی ئەندامانی کۆنگرەکە بووم لە بەغداوە بۆ بناری چیای کاروخ و گەڕانەوەیان بە نهێنی بۆ بەغدا.
کۆنگرەی دوو یەکێک بوو لە باشترین کۆنگرەی حیزب لە باری سیاسی و فیکریی و ڕێکخراوەییەوە و ئازادیی لە دەربڕینی بیروڕای جیاوازدا.
لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا (بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ بەعس ، ئەبێت کۆنفرانسێک ، یان کۆنگرەیەک بگیرێت و لەو کۆنگرەیەدا بڕیار لەسەر بەرەی بەعس بدرێت ، بە مەرج بێت و ئیلتزام هەبێت (.، لە باری فیکرییەوە ئەندامانی کۆنگرە بوون بە دوو بەشەوە .بەرەی چەپ و بەرەی ڕاست!
بەرەی چەپ لەگەڵ ئەوە نەبوون کە لەگەڵ بەعسی فاشیستدا ، حیزب نزیک بکەوێتەوە. بەرەی ڕاستیش لەگەڵ نزیکبوونەوە لە بەعس بوو.
گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆدا کرا.
هەروەها دەستتێوەردان لە بەڵگەنامەکانی حیزبدا کرا، ئەوەی لەبیرم بێت دروشمی (بما فیها حق تقریر المصیر) ،

لابرا و کرا بە "مافی چارەنوس بۆ گەلی کورد".
لە گەڕانەوەماندا بۆ بەغدا لە ڕێگای موسڵەوە ، ئەمانە بووین: هاوڕێیان عەزیز محەمەد ، زەکی خەیری ، عامر عەبدوڵا ، بەهادین نوری و من ئەوتۆمۆبیلەکەم لێئەخوڕی ، باران بوو ، لە ئاڵتون کۆپری سەیتەرەکەم نەبینی و لە ڕێگا گیراین ، پۆلیسەکان ئەوتۆمۆبیلەکەیان پشکنی و هیچیان نەدۆزییەوە ، لە کاتێکدا کە هەموو بەڵگەنامەکانی کۆنگرەم شاردبووەوە و نەیاندۆزیەوە ، وتیان بۆ لە ڕێگا نەوەستاون؟ ئێوە قاچاخچین!
زەکی خەیری وتی فەرموون ئەوە هەویەکانمان ، ئێمە لە قاچاخچی ئەچین؟ یەکێکمان محامی ، ئەوی ترمان مامۆستای زانکۆ ، ئەوی تریشمان بازرگان!
بە هەر حاڵ قەناعەتیان هێنا و مۆڵەتی شوفێرییەکەی منیشیان دایەوە پێم و ئاگاداری سەیتەرەی موسڵیان کرد کە لەوێش نەمانگرن ، ئیتر بە بێ وەی گەیشتینەوە بەغدا و من گەڕامەوە بۆ دەرگەڵە بۆ گەیاندنی هاوڕێیانی تر.
نائب عەبدوڵا لە دوای ئەو سێ دێڕ و نیوەی لەسەر کۆنگرەی دوو کە پەیوەندیی بە کۆنگرەوە نیە! ئەڵێت گەڕاینەوە بۆ سلێمانیی ، لێپرسراوی نۆ تەتەری ژن بووم ، چوار لاپەڕەی لەسەر ئەو نۆ تەتەرە نوسیوە!
دواتر بازئەدات بۆ کۆنگرەی سێ لە 1976 دا ، بێ ئەوەی تاکە دێڕێک لەسەر کۆنگرە بدوێت! هەر ئەوە نەبێت کە بە "مەدح و سەناوە !" ئەڵێت: خانم زوهدیی و زەکی خەلیفە بە هاوڕێ عەزیزیان وت: بۆ نائبت نەخستووەتە لیستی حیزبەوە بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندیی؟
هاوڕێ عەزیز دایە قاقای پێکەنین و وتی ئەوە نیە نوسیومانە ئەنوەر عەبدوڵا ، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت

ناوەکەیمان گۆڕیوە!
نائب ئەڵێت: کرام بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی!
بە وتەی نائب ، ئەوە کۆنگرە نەبووە! بەڵکوو گاڵتەجاڕیی بووە!
ئەوە ڕووی گەشی کۆنگرەکە بووە لە نوسینەکەی نائبدا!
ئەو ڕاستییە تاڵەش دەرئەکەوێت کە ئەندامیەتی لە سەرکردایەتیدا ، بە (تەعینات!) بووە و ئەوەی ناوی لە لیستەکەی مەکتەبی سیاسی و سکرتێردا کە لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا پێی ئەڵێن "قائیمەی حیزب" نەبووبێت ، هیچ هێزێک نەبووە بیخاتە کۆمیتەی ناوەندییەوە!

لە لاپەڕە 26 دا نائب عەبدوڵا بەم دەقە نوسیویەتی:
(ئەوەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە و هاتووەتە کۆڕی تێکۆشانەوە ، پیوەندییان بە شێوەیەکی گشتیی لە زۆر کات و بۆنە و ڕووداودا باش بووە لەگەڵ حیزبماندا ، کەم و زۆر لە یەکتر نزیک بوون و لە زەمانی پاشایەتیدا بەتایبەتیی ، زۆر تەبابوون و لە تێکۆشانە جەماوەرییەکاندا هەمیشە پێکەوە بوون و هاوسەنگەر بوون ، بەتایبەتیی لە پاش کودەتا شومەکەی بەعسەوە لە 08-02-1963 دا).
ئەوە ڕای ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی عێراقە دەربارەی مێژوویەکی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ لایەنەکاندا!
حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان ، هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە ، نوێنەری دوو چینی جیاواز بوون ، حیزبێکی نەتەوەیی و حیزبێکی نێونەتەوەیی ، واتە دوو ئایدیۆلۆجیای جیاواز. هەر ناتەبایی و ململانێی فیکری و کێشمەکێشی چینایەتی لە نێوانیاندا هەبووە و هەیە و

سروشتییە ، ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت ، ئەوا ناسروشتییە!
بەڵام لێدوانی نالۆجیکییانە و ناڕاستگۆیی نائب عەبدوڵا لە باسکردنی مێژوودا ، لادانە و نارەوایە و شێواندنێکی دایالیکتیکە و زیانبەخشە و تێکدانی مێژووە!
پێموایە ئەوەی نائب عەبدوڵا باسی ئەکات بۆ هەر مەبەستێک بێت ، فریای ناکەوێت ، نائب ڕاست ناکات !
ئەوەتەی پارتی و شیوعی دروست بوون ، ناتەبایی لە نێوانیاندا هەبووە ، بەڵێ بووە ، هەندێک جار بە دایالۆگ و مشتومڕ بووە و هەندێک جاریش بە شەڕ و پێکدادان بووە ، بۆ نمونە: لە ساڵانی چلەکاندا لەسەر کورد ، ئوممەیە یا نا؟
واتە کورد گەلە ، یان نەتەوەیە؟
ئەو سەردەمە حیزب پەیڕەویی ڕای ستالینی لەو ڕووەوە ئەکرد کە ئەیوت ئەبێت ئوممە ئەم بنەما هاوبەشانەی هەبێت: زەوی ، زمان ، ئابوری و کەلتور.
ئێمەی شیوعییەکان ئەمانوت ئابوری هاوبەش نیە لەنێوان کوردەکانی پارچەکانی تردا ، کەواتە کورد ئومە نیە ، واتە نەتەوەیە و گەل نیە!
ئێمەی شیوعییەکان تا سەر مۆخمان لەو ڕووەوە هەڵە بووین.
لە ساڵی 1948 دا حیزبی شیوعی دژی دابەشکردنی فەلەستین بوو ، ئەو هەڵوێستەی لە سۆڤیەتەوە وەرگرتبوو ، بەڵام کە ستالین ڕای گۆڕی و ڕازیی بوو بە دابەشکردنی فەلەستین ، ئەویش لەبەرئەوە بوو کە دانبنرێت بە حکومەتی ئاڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا ، ئەو کاتە و دوای جەنگی جیهانیی دووەم ، ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات دروستبووبوو ، بەڵام بە ڕەسمیی وڵاتان دانیان پیادانەنابوو ، لە کاتێکدا ئاڵمانیای ڕۆژئاوا و ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات بە کردەوە دوو دەوڵەت بوون.

ئێمەی شیوعییەکان هەڵگەڕاینەوە و لەگەڵ دابەشکردنی فەلەستین بووین ، بۆ ئەمەشیان پارتی بۆچوونەکەیان ڕاست بوو ، ئێمەی شیوعییەکان هەڵەبووین. هەرچەندە لە بەرنامەی پارتیدا دروشمی حکومەتی کوردیی نەبوو ، بەڵام چەسپاندنی دروشمی دابەشکردن ، واتە جیابوونەوە ، لە بەرژەوەندی گەلی کورد بوو ، هەر بۆیە ئەو کاتە پارتی لەگەڵ دابەشکردنی فەلەستیندا بوو.

لەسەر ڕێکخراوە پیشەییەکان ، پارتی بۆچوونی وا بوو کە سەربەخۆیی خۆیان هەبێت لە کوردستاندا ، واتە بە ناوی عێراقەوە نەبن بە ئەندامی ڕێکخراوە جیهانییەکان وەک: خوێندکاران ، لاوان ، ئافرەتان ، ئاشتییخوازان.. تد ، بەڵام حیزبی شیوعی بۆچوونی ئەوە بووکە بەناوی ڕێکخراوی عێراقەوە بێت ، بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی ترەوە.

لە ساڵانی پەنجاکاندا زۆرینەی سەندیکاکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر لەژێر فەرمانی شیوعییەکاندا بوون ، پارتی ڕۆڵی تیایاندا سنوردار بوو.

هەروەها لە ساڵانی بەرەماندا لەگەڵ بەعسدا ، ساڵی 1973 بە دواوە ، دەستمان چووە خوێنی یەکتر و چەکمان بە ڕووی یەکتردا هەڵگرت!

ئەمانە و زۆرێک کێشەی تر ، زۆر بە زەقیی لە ئارادا بوون ، ئەوە مێژووە و نابێت بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندێک بشێوێنرێت.

لە لاپەڕەی 28 دا باسی شەڕی نێوان پارتی و حیزبی شیوعی ئەکات ، بەڵام ناڵێت لە کام ساڵدا! لە دێڕی یەکەمدا ئەڵێت: پارتی ، حیزبی شیوعی ناچارکرد چەک لە بەعس وەربگرێت بۆ داکۆکیی لە خۆی .لە دێڕی دووووەمدا ئەڵێت: تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ ئەوە بوون کە

چەک لە بەعس وەربگرن دژ بە پارتی.
ئەم لێدوانە ناسروشتییەی نائب ، زۆر پرسیار بە دوای خۆیدا ئەهێنێت!
ئەی بۆچی بە کاریگەریی بەعس لەسەر حیزب نەبووبێت کە چەک وەربگرێت و کێشەی جیاوازیی فیکریی خۆی لەگەڵ پارتیدا بکات بە کێشەیەکی یەکترلەناوبردن!
ئەی بۆ لە ساڵی 1974 دا حیزب 14 کادێری خۆی خزاندە ناو دوو ئەنجومەنە داتاشراوەکەی حوکمی زاتیی بەعسەوە لە هەولێر؟ ئەمەشیان لە ناچاریی و پەلاماری پارتی بوو؟ یان قەناعتی حیزب بوو کە لە ڕێی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییەوە لەگەڵ بەعسدا ، بینای سۆشیالیزم لە عێراقدا بکەن! ئەمانە هەر هەموویان و دەیانی تر هەڵە بوون لە ناخی حیزبدا و نابێت کەس خۆی لێ کەڕ بکات.
ئەبێت بۆ هاوڕێیانی ئەم سەردەمە باسبکرێن کە سەرکردایەتییەکانی پێشوو چییان لەو حیزبە کردووە و تا ئێستاش هەر لەسەر ئەو سیاسەتەماڵوێرانییە و دورکەوتنەوە لە خەباتی چینایەتی ، هەر بەردەوامن.
ئەبووایە نائب بە بابەتییانە و واقیعییانە ئەوەی بنوسیایە و بۆ مێژوو کە هەردوو حیزبەکە (حدک و حشع) تا سەر ئێسک لە هەڵەدا بوون ، خۆبەدەستەوەدانی حیزبی شیوعی لە ساڵی 1973 دا بە (بەعسی 63) ، ڕاست و دروست نەبوو!
هەروەها قەناعەتی پارتی وا بوو کە لە ڕێی دۆستایەتی شای دیکتاتۆری ئێرانەوە ، گەلی کورد ڕزگاری ئەبێت و ڕژێمی سەدام حوسەینی دیکتاتۆر ئەڕوخێنن! ئەوەش بۆچوونێکی نادروست و ناڕەوا بوو ، باجەکەی ئەوە بوو کارەساتی پەیمانی جەزائیری 1975ی لێکەوتەوە.
هەروەها بەرهەمی هەڵەکانی حیزبی شیوعیش ئەوە بوو کە

بەعسی دیکتاتۆر لە 1978 دا توشی تێکشکانێکی کوشندەی کرد! لە تێکشکاندنەکەی هەردوو لاماندا (حشع و حدک) جەماوەری گەلی کورد و سەرجەم گەلی عێراق زیانیان لێکەوت. هەر بۆیە لە لێقەومانماندا گەل داکۆکییان لێنەکردین ، وەک تۆڵەیەک لە سیاسەتی چەوتی هەردوو لامان!

پێم وا نیە نائب عەبدوڵا لەم بارودۆخەیدا بتوانێت بە واقیعییانە و بوێرانە لە ڕووداوەکان وەک خۆی بدوێت ، بەڵام هەر هیچ نەبێت ، نابێت مێژووش بشێوێنێت!

نائب لە لاپەڕە 46 - 48 ئەیەوێت بیسەلمێنێت کە مەکتەبی هەرێم بە ڕابەرایەتی هاوڕێ عومەر عەلی شێخ لە 1975 دا ، گوایە بەرەی چەپ بوون و ویستوویانە چەکی قورس و سوک کە بەعس پێیداون ، بیشارنەوە و لەگەڵ کادێری کەم ناسراودا ، خۆیان بشارنەوە ، بەڵام مەکتەبی سیاسی بە ڕاسترەو و خەتابار باس ئەکات ، گوایە یەکێکیان ناردووە لە (م.س)ـەوە ، ڕیسەکەیان (شۆڕشگێڕییەکەیان!)ی لێ کردوونەتەوە بە خوری!

ناوی ئەو هاوڕێیەش نابات کە لە (م. س) ـەوە هاتووە بۆ هەولێر و پێشبینییەکەیانی پوچەڵ کردووەتەوە! ناڵێت دوای ئەوە ئەو چەکە قورس و سوکانە چییان بەسەر هات!

نائب لە تەواوی کتێبەکەیدا ناڵێت چەند چەکمان دایەوە بە بەعس! باسی چارەنوسی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و یاسادانانیش ناکات کە چییان لێهات! ئەم نوسینەشی ڕێکلامێکە بۆ ئەو سەرکردانەی کە لە کۆتایی 1978 دا وڵات و قەواعیدی حیزبیان بەجێهێشت و هەڕایانکرد بۆ شام و یەمەنی خواروو وڵاتە کۆنە سۆشیالیستییەکان ، بێ ئەوەی تاکە بیرکردنەوەیەکیان بۆ



**دیارییەکانی بەعس بۆ خاک و گەلی کوردستان ، قادر ڕەشید**

ڕزگارکردنی ئەو کادێر و ئەندام و دۆستانەی حیزب هەبووبێت کە نەکەوتبوونە دەستی دوژمن ، بەتایبەتیی لە کوردستاندا!

دوای 13 ساڵ لە دەرچوونی کتێبی "پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا" ، دوای ئاشکرابوونی ئەو سەرکردانەی کە لە ڕۆژی مەرگ و قەلاچۆکردنماندا بەجێیان هێشتین و هیچ نەخشە و ڕێچارەیەکیان نەبوو بۆ ڕزگارکردنی حیزب و هاوڕێکانیان ، جگە لە نەخشە و پلانی ڕزگارکردنی خۆیان!
پاشان لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕانەوە بۆ شاخ بۆ سەر حازریی!
هەندێک لەوانەی کە نائب ناویانی بردووە و بە چەپی شۆڕشگێڕ بە خەڵکەکەیان ئەناسێنێت، وا لەم دواییەدا نائب عەبدوڵایان دۆزیوەتەوە کە لە نوسینەکەیدا ڕێکلامیان بۆ

بکات!
لە لاپەڕە 51 دا ئەیەوێت فێڵ لە خوێنەریش بکات ، هەر وەک خۆی ئەڵێت: هەستە دایکی گەلاوێژ با بڕۆین بۆ دەرەوە بۆ لای برادەران ، فێڵم لە ئەمن و بەعس (ملازم موحسین و مودیری مەنزومەی شیمال و مودیری ئەمنی سلێمانی) کرد و بەریاندام!
- بێئاگایانە لە کتێبەکەیدا ئەڵێت: (ئەوە بوو حیزبی شیوعی لە کۆنگرەی چواریاندا و پارتی لە کۆنگرەی نۆیەمیاندا کە لە ساڵی 1979 دا بەسترا ، بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی بەرفرەوان زۆر ئازا و دڵسۆزانە دانیان بە هەڵەکانیاندانا و ڕێی ڕاستیان گرتەبەر بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان.. ئەوە بوو دوای ئەو هەنگاوە باشانە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی و بەرەی کوردستانیی هاتە گۆڕێ و لە ساڵی 1992 دا سەرکەوتنیان بەسەر ڕژێمی بەعسی فاشیستدا هێنا و سەرکەوتن و کوردستانیان ئازاد کرد.).
مێژووی بەستنی کۆنگرەی چواریش نازانێت! چونکە پەیوەندیی بە حیزبەوە نەمابوو ، هەر وەک خۆشی لە کتێبەکەیدا ئەڵێت: دوو ساڵ بوو لە ئێران بووم ، حیزب یارمەتی نەئەدام!
ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ماڵەکەی لە ئێران ، ماڵی حیزبیی نەبووە!
ئەبو سەرباز پێمانی وت: ڕۆیشتنی نائب بۆ ئێران پەیوەندیی بە حیزبەوە نیە.
لە مەریوان لای کاک فائق تۆفیق - فایەقە ڕەش (بەرپرسی پارتی بوو لە مەریوان) وتی: لە سەر داوای کاک نائب نامەیەکم بۆ پاسدارانی سنە نوسی ، کاک نائب عەبدوڵا ئەیەوێت لە ئێران بژی ، تکایە ئاگاتان لێبێت.

ئەمە بەشێک بوو لە قسەکانی کاک فایەق ، ئیتر پێویست ناکات قسەکانی تری بڵێم. (ئێمەی کادێرانی سەرکردایەتی ، ئەو سەردەمە هیچمان لەسەر گرتنەکەی نائب نەئەزانی ، مەکتەبی سیاسی و ئەبو فاروق لێمانیان شاردبووەوە.)!
نائب لە کتێبەکەیدا ڕاستییەکانی وەک خۆیان باس نەکردووە کە چۆن حیزبی بەجێهێشت و لە سنە تەسلیم بە پاسداران بوو. ئاخۆ ئەوانیش هەر وەک مولازم موحسین و بەڕێوەبەرانی ئەمنی سلێمانیی و بەرپرسەکانی تری بەعس بە ڕێزەوە بەخێرهاتنیان کردووە و وتووێژیان لەگەڵدا کردووە!
کۆنگرەی چواری حشع ئەبەستێتەوە بە کۆنگرەی 9 ی پارتییەوە لە 1979 دا ، لە خوێنەر وایە کۆنگرەی چوار لە پێش کۆنگرەی 9 ی پارتیدا گیراوە ، لە کاتێکدا کۆنگرەی چوار لە 10-11-1985 لە گوندی مەڕگەوەڕی خواروو گیرا ، واتە ماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەکە 6 ساڵ زیادترە ، لەو ماوەیەدا بەرەی (جود )، هەبوو بەرەی کوردستانیی نەبوو.
بەستنەوەی دوو کۆنگرەی پارتی و شیوعی ، لە هەمان کاتدا و سەرکەوتنی هەردووکیان لە ئازادکردنی کوردستاندا لە 1992 دا! ڕاست نیە ، چونکە یەکەم: ئەوە گەلی کوردستان بوو سەرکەوت بەسەر ڕژێمدا ، بێگومان هەموو لایەنەکانی خەباتی ڕزگارییخوازیی کوردستانیش، نەک هەر ئەو دوو لایەنە.
دووەم: ئازادیی کوردستان لە ساڵی 1991 دا بوو ، نەک 1992 ، وەک نائب ئەڵێت.
ئەم بازبازێنە بە کات و مێژووی ڕووداوەکان چی ئەگەیەنێت؟ بێگومان سەرلێشێواویی نوسەر خۆی و چەواشەکردنی خوێنەر و شێواندنی مێژوو ئەگەیەنێت! پێم

وایە کار وا بڕوات ئەبێت دوو ئەوەندەی قەوارەی کتێبەکەی ، لەسەری بنوسرێت.
ماستاوچییەتی بۆ ئەم و ئەو و لایەن لە شێواندنی ڕووداوەکاندا ، بێگومانە لەنگەری بارە خوارەکەی نوسەر ڕاست ناکاتەوە.
ئەو بەڵگەنامانەی لەسەر خۆبەدەستەوەدانی نائب عەبدوڵا گەیشتوونەتە مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانیی و لە ئارشیڤدا دانراون! ئەبێت بڵاوبکرێنەوە ، هەروەها ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی لە شاخ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حشع) و بەرپرسی ڕێکخراوەکانی ناوەوە ، ئەبێت بیروڕای خۆی لەو بەسەرهاتە تاڵەی ڕێکخراوەکانی شارەکان ئاشکرا بکات کە بە سەدان هاوڕێیانمان توشی مەرگ و سەرگەردانیی بوون.
لە هەمووی سەیروسەمەرەتر ئەوەیە ، ئەبو فاروق بە نائبی وتووە کە گیرایت بڵێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بووم و وازم هێناوە! (ئەوە بوهتان نیە و نائب لە کتێبەکەیدا وا ئەڵێت!)، نائبیش ئاگاداری هەموو کادێرانی ڕێکخراوەکانی کردووە کە گیران بڵێن وازمان لە حیزب هێناوە و زانیاریی کۆن بدەن بە بەعس ، ئیتر بەرئەبن!
سەیرە .. تەنانەت قاچاخچییەکانی نێوان سنورەکان کە ئەگیرێن داکۆکیی لە ماڵ و سامان و کەرامەتی خۆیان ئەکەن! بەڵام نائبی سوپەر سەرکردە ، ئەڵێت وازمهێناوە!

**تەسلیمکردنەوەی چەک**

نائب عەبدوڵا ئەڵێت: هاوڕێ قادر ڕەشید (لەسەر قسەی ئەندامێکی ئاسایی حیزب کە تەنیا شوفێری یەکێک لە سەیارەکانی بارەگای حیزب بووە ، ئەم کارە نابەجێ و

نادروستە ئەخاتە پاڵی من.. بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بە بەڵگەوە و بە شاهیدیی زۆر هاوڕێ و لێپرسراوی حیزبیی کە لە ژیاندا ماون ، ئەیسەلمێنم ئەوەی ئەو هاوڕێیە نوسیویەتی دورە لە ڕاستییەوە!).

نائب باسی ساڵانی کۆن ئەکات و ئەڵێت: ئەو چەکانەی لە ساڵی 1976 لەسەر داوای بەعس، بە لیست چەکەکان درایەوە بە بەعس ، چەند چەکێک نەبێت بۆ بارەگاکان مایەوە.

ئەڵێت من نێررام بۆ بولگاریا. مەلا عەلی پێی وتم ساڵی 1976 خۆم بە لیست چەکەکانم دایەوە بەبەعس.

نوسینەکەی هاوڕێ قادرم پێشاندا مەلا عەلی وتی درۆیە 150 پارچە چەک لە بارەگای حیزب نەبووە و بارەگا ساڵی 1979 داخرابوو.

هەروەها ئەڵێت: (لە ساڵی 1977 تا 1978 لە مۆسکۆ بووم ، نازانم بۆ هاوڕێ قادر خۆی سەرقاڵی تەسلیمکردنەوەی چەک ئەکات؟).

هەروەها لە خاڵی 6 دا ئەڵێت: (لیجنەی هەرێم دژی تەسلیمکردنەوەی چەک نەبوو ، ئەو کاتەش هاوڕێ قادر ئەندامی لیجنەی هەرێم بوو ، بۆچی هاوڕێ قادر من و هاوڕێ ڕەئوفی ڕانیە تاوانبار ئەکات؟" **خۆ ئەگەر واش بووبێت ، چەک تەسلیمکرابێتەوە ، ئەوە بە بڕیاری حیزب بووە ، لیجنەی هەرێم و لیجنەی ناوەندیی بڕیاری تەسلیمکردنەوەی چەکی داوە!".**

خۆزگە تاوانبارییەکەی نائب هەر تەسلیمکردنەی چەک بووایە بە بەعس و بەس! نەک بەدەستەوەدانی کادێران و خێزانەکانیان ، تەنانەت خێزانی هاوڕێیانی پێشمەرگە کاتێک کە بانگکراون بۆ ئەمنی سلێمانیی ، لە ئەمن ناوی

ئەو بنکانەیان پێوتوون کە هاوسەرەکانیان لێی بوون و وتوویانە بڕۆن بیانهێننەوە!
نائب باسی ساڵی 1976 ئەکات کە پەیوەندیی بە مانگی 12ی 1978 ـەوە نیە کە چەکەکانی بارەگای سلێمانیی تیادا تەسلیمکراوەتەوە بە بەعس! ئەوەی نائب نوسیویەتی خۆدەربازکردنە لەو ڕاستییەی کە هاوڕێ عەلی ساڵح باسیکردووە.
کەمێک ویژدان .. هاوڕێ عەلی ساڵح تەنیا شوفێری بارەگای محەلیی سلێمانی نەبووە ، بەڵکوو سەرلق بوو ، یەکێک لە قارەمانەکانی گرتنی هەندرێن بووە ، هاوڕێ عەلی ساڵح بەرپرسی ئیدارەی بارەگای محەلیی سلێمانیی بووە ، بەرپرسی چەکەکانی کەڵەکەکراوی ناو بارەگاکەی محەلیی بووە.
هاوڕێ عەلی لە ژورێکی ژێرزەمینی شێداری بچوک و تاریکی ماڵێکدا بە ماڵ و مناڵەکانیەوە تیایدا ئەژیا ، وەک شیوعیەکی داوێنپاک و بەسۆزەوە بۆ حیزبەکەی سەرینایەوە و کۆچی دواییکرد ، تا ئەمڕۆش ئەندامانی خێزانەکەی لەنازی حیزبدان و لە خۆشەویستی باوکیانەوەیە و هەر وەک باوکیان بارەگای محەلی سلێمانی وەک بیلبیلەی چاویان ئەپارێزن ، لەبەرئەوەی ئەو بارەگایە بە بەشێک لە کەلتور و سامانی باوکیان و خۆیانی ئەزانن ، لە چوار دیواری ئەو بارەگایەوە باوکی هەژاری بێدەرامەت و قارەمانیان ، باوکی شیوعییان ئەبینن.
نائب بە چ مەبەست و ویژدانێک مێژووی خەباتی تەنانەت هاوڕێ عەلیش ئەشێوێنێت؟
هەروەها سوکایەتی بەم هاوڕێ و ئەو هاوڕێی تر ئەکات و ئەو بێمروەتییەی نائب مەگەر تەنیا لە قاموسی

موعتەریفەکان و بەرائەتدەرەکانی هاوسنف و دۆستی بن کە دەقی کتێبەکەیان پێگۆڕیوە!
ئاخر خەڵکینە ئەوە ڕاستە کە سەرکردەیەکی شیوعی بە هاوڕێیەکی دێرینی حیزبەکەی بڵێت "تەنیا شوفێر" بووە ، مەگەر شوفێر کادح نیە! ئەندامی حیزبەکەی نیە! خاوەنی بیر و هۆش نیە! ناتوانێت ڕاستیی و ناڕاستیی لەیەکتر جیابکاتەوە! یان ئا ئەوە شێوەی بیرکردنەوەی نائب و سەرکردە عەبقەرییەکانی تر بووە و هەر وەک سیستمی هیرارکی (پلەداریی) ، هەمیشە خۆیان بە شێخ زانیوە و ئەندامانیش بە دەروێش و کادێرەکانیش بە مرید.. ئاخر بۆیە ئەوە حاڵی ئەو حیزبەیە کە ئەمڕۆ ئەیبینین!
ئەگەر شیوعییەک لە ڕۆژێکی وادا سەرقاڵی کۆکردنەوەی چەک نەبێت بۆ داکۆکیی لە چارەنوسی نادیاری هاوڕێکانی لە شاخ ، ئەی چی بکات؟ ئەبێت مامەخەمەیی بۆ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بکات و لەو ڕێیەوە بگاتە ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندیی و سەفاومەروای ئەوروپا بکات!
ئێستاش بەم هەموو نەهامەتیەیەوە ، نائب لە کتێبەکەیدا حیزب تاوانبار ئەکات گوایە توشی هەڵەیان کردووە! گوایە پێیانوتووە بڵێت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بووە و وازیهێناوە! و ئەیەوێت ئەو خۆی و ڕێکخراو بەدەستەوەدانەی بخاتە ئەستۆی عومەر عەلی شێخ! چونکە باش ئەزانێت تا ئێستاش کەسێک نەبووە و نیە لەناو ئەو سەرکردایەتییانەدا کە لێپرسینەوە لە ئەبو فاروق ، یان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بکەن!
ئەبێت شیوعی لە خۆیەوە دستپێبکات ، بۆ پەیداکردنی هەر پێویستییەک بۆ خزمەتی حیزب و هاوڕێکانی. ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی

جێبەجێکردن لە ساڵی 1978 دا 14 کادێری حیزبی شیوعی بووین ، تەنیا قادر ڕەشید و مەحمودی فەقێ خدر چەکەکانمان کە هی بەعس بوون ، تەسلیممان نەکردنەوە و گەیاندمانە شاخ و نەفرەتمان لە بەرەی حیزبی بەعس کرد و پێمان ڕاگەیاندن کە ڕێی شاختان لێئەگرینەبەر و ئەچین پێشمەرگە ئاشتئەکەینەوە ، چونکە لە دەمێکەوەیە لە دوو سەنگەری جیاوازدا لە شەڕێکی لەناوبەریی و دەستەویەخەدا بووین.

لەدوای چوونەدەرەوەمان بۆ شاخ ، لە لایەن بەعسی بێئابڕووەوە سزادراین بە سزای لەسێدارەدان! هاوڕێکانمان بە ئەبوحیکمەتیشەوە ، چەکەکانیان بە هاوسەرەکانیاندا ناردەوە بۆ بەعس و پێیان ڕاگەیاندبوون کە بۆ شەڕ ناچنە شاخ! ئێستاش نائب ئەفەرموێت:

(قادر ڕەشید چی داوە لە چەک تەسلیمکردنەوەی بارەگاکان؟).

لەم ڕۆژانەدا لە سلێمانیی بە ڕێکەوت برادەرانی بارەگای محەلیی سلێمانیی ناردمیان بۆ لای سەرتاشێک سەرم چاکبکات ، پێمیان وت ناوی سەرداره ، منیش چووم لە دوای قسە و باسەکانمان بە دەم سەرتاشینەوە ، دەرکەوت پێشمەرگەی حیزب بووە لە قەرەداغ ، پرسیم: لە کۆتایی 1978 دا چەکەکانتان چی بەسەرهات؟ وتی لە بارەگای محەلیی کەڵەکەکران ، پاشان زیلی عەسکەریی پشتی نا بە دەرگای بارەگاوە و هەموو چەکەکان بارکران ، هەروەها وتی: کالاشنیکۆڤێکی شەخسیی خۆشمی تیادا بوو ، پێیان ئەوت بەحریی. ئێستا دۆستی حیزبە و هاوڕێیانی بارەگای محەلیی ئەیناسن.

بۆ ئەمەیان نائب چی ئەڵێت؟ ئایا ئەویش درۆئەکات و (تەنیا سەرتاش) بووە!
من بە ناوی هاوڕێ عەلی سالْحەوە ئەو هەواڵەم لە کتێبەکەمدا نوسیوە و باوەڕم بە قسەکانی هەبووە و هەیە.
نائب ئەڵێت: لە دوای 30 ساڵ قادر ڕەشید تاوانبارم ئەکات.
سەیرە .. لەجیاتی ئەوەی کە ئەویش وەک ئەبو موخلسی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەبو ئاسۆسی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی ، بیوتایە ئەوە بڕیاری حیزب بووە و تەواو ، بەڵام تیشکی سەوزیان بۆ هەڵکردووە کە هێرش بکاتە سەر قادر ڕەشید ، تەنیا لەبەرئەوەی بێتوانایی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیم باسکردووە!
ئەو کڵاوەی لە سەری نائبیان ناوە ، پێشتر لە سەری هاوڕێیەکی تریان نا کە تا سەر مۆخی ئازاری چەشتووە!
نائب ئەو ڕاستییە باش ئەزانێت!
دیارە بۆرە پەیمانێکیشیان پێداوە کە بیانگەڕێننەوە ناو حیزب ، وەک لە کەڕەجاڵ پێیدرا لەبەر خاتری خاتران!
چونکە لەم کاتانەدا باری حیزبی شیوعی کوردستانیی لاسەنگە و فرسەتە و بە حسابی خۆیان سود لەو ڕێکلامە هەرزانانەی ناو کتێبەکەی نائب ئەبینن!
لە مانگی 12 ی 1978 دا ، خۆم گەیاندە بەغدا و لە چاپخانەی طریق الشعب ئەبو موخلس (عبدالرزاق الصافي)م بینی ، پێموت وەک ئەزانیت من ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی حوکمی زاتیم و لە ڕێگاوباندا پشکنینی خۆم و ئەوتۆمۆبیلەکەم ناکەن! ئەو چەکانەی لە بارەگای گشتیین ، ئەیانبەم بۆ هاوڕێیان کە بێ چەکن لە شاخ.
وتی بڕیاری حیزبە ئەیدەینەوە بە بەعس!
دواى ئەوە خۆم بە دزییەوە چووم بۆ بارەگای گشتیی ،

لەوێش نەیاندامێ ، ئەبو موخلس پێیزانی و هەڕەشەی سزادانی لێکردم کە ئەگەر واز لەو باسە نەهێنم!
نائبیش لە دوای شەش لاپەڕە ، لە کۆتاییەکەیدا ئەڵێت: بڕیاری حیزب بووە کە چەکەکان بدرێتەوە بە حیزبی بەعس!
باشە بۆ لە سەرەتاوە وا ناڵێت؟
پێش دە ساڵ ئەم کتێبەی تەواو بووە و بۆ چاپ ئامادەکراوە ، لەم دواییەدا و بە شاهیدیی ئەوانەی کە دەقەکەیان بینیوە ، دەستکاریی کراوە و ئەوەی ویستویانە گۆڕیویانە و زیاد و کەمیان کردووە ، وەک شانۆگەرییەک بۆ شێواندنی ڕووداوەکان بەکاریانهێناوە.
لە هەمووشی سەیرتر و سەرنجڕاکێشتر ، ئەوەیە کە ئەو بەشەی نوسینەکانی کە هێرشە بۆ سەر من ، لە چەند لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکەیدایە ، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە ئەو بەشە دوای تەواوبوونی کتێبەکەی ، بەزۆر پێیان زیادکردووە! ئەگەر وا نەبووایە ، خۆ لە زنجیرەی بەسەرهاتەکاندا ئەیتوانی ئەو باسە بنوسێت ، یان لە باسی سالانی ڕاکردن و خۆشاردنەوەی سەرکردەکان و گورزەکانی بەعسی هاوپەیماندا لە 1978 و 1979 دا! یان لە باسی کارەساتەکانی پشتئاشاندا!
نازانم بۆچی نائب لە 6 لاپەڕەدا باسی بولگاریا و مۆسکۆ و سالانی 1976 و مەلا عەلی و دۆکیومێنت و داکۆکیی لە ڕەووف ئەکات کە هەڕەشەی لەو هاوڕێیانە کردووە کە داوای چەکیان کردووە ، بەوەی کە سزا ئەدرێن و چەک هی بەعسە و ئەدرێتەوە بە بەعس!
بە کام پێوەر نائب داکۆکیی لە ڕەووف ئەکات! هیچی لەو ڕووەوە نەنوسیوە!
نائب ڕاست ناڵێت لەوەی کە لیجنەی هەرێم بڕیاری

تەسلیمکردنەوەی چەکی داوە! بەڵکوو ئەوە مەکتەبی سیاسی بووە کە بڕیاریدابوو .ئەو کاتە نائب بە بڕیاری حیزب لە هەولێر خۆی شاردبووەوە ، تا نەگیرێت و لە هیچ کۆبوونەوەیەکی هەرێمدا ئامادەنەبووە!
ئەوەش ڕاست نیە کە ئەڵێت بە سەدان لە هاوڕێیانی عەرەبم لە سلێمانییەوە گەیاندووەتە شاخ ، نائب تەنانەت خاڵی نهێنی لە ژاراوە نەئەزانی تا کەسێک بنێرێت بۆ ناوزەنگ!
لە سەرەتای سەردەمی چوونەشاخدا ، داوای لە من کرد کە عەبە سوری خزمی ئەبوسەرباز بنێرم بۆ" محەتەی "حیزب ، منیش ناردم ، لەپاش چوار ڕۆژ عەبە سور هاتەوە و لە سلێمانیی خۆی تەسلیم بە ئەمن کرد ، هەر بەو هۆیەوە بوو کە بۆ ئەوەی من نەگیرێم ، ئەبو حیکمەت وتی ئەبێت بە پەلە بڕۆیتە شاخ! ئەگینا من هەر ئەرکی ناردنی هاوڕێیانم لە ئەستۆ بوو ، نەک نائب! کە هیچ دەورێکی لە سلێمانیی نەبوو ، بەڵکوو ئەوە هاوڕێ مام بوو کە لە سلێمانی کارەکانی ئەبردبەڕێوە.
نائب تاقانەی مەکتەبە سیاسییەکەی ئەبو فاروق بوو ، بۆیە زیاد لە پێویست ئەیانپاراست ، بۆ ئەوەی هیچی بەسەر نەیەت!
باشترە نائب عەبدوڵا بگەڕێتەوە سەر دەقە کۆنەکەی کتێبەکەی و بەسەر شانۆگەرییەکەیدا بچێتەوە ، بەتایبەتیی دەربارەی گرتنەکەی خۆی و هاوڕێیانی محەلیی و گرتنەکەی شەهید عایدە یاسین و ئەوانەی لە عەربەت گیراون و ئەو پەیمان و ڕێککەوتنەی لەگەڵ دەزگای ئەمندا کردوویەتی!
ئەو نوسینانەی نائب لە کتێبەکەیدا ، ئەو ڕاستییە تاڵانەن کە تا ئێستا کەسێک نیە لەو حیزبەدا کە هەوڵی تیمارکردنی

ئەو برینانە بدات و حیزب لەو جۆرە سەرکردە ترسنۆک و خۆبەدەستەوەدەرانە ڕزگار بکات کە لە یەکەم تاقیکردنەوەی خۆڕاگرییدا ئەدۆڕێن و لە پێش خۆبەدەستەوەدانیان بە دوژمن ، هەر فسفس پاڵەوان بوون و 30 ساڵیش دوای خۆبەدەستەوەدانیان ، ئەیانەوێت خۆیان وەک پاڵەوان پێشانبدەن!

پێش کارەساتەکانی قەلاچۆکردنی شیوعییەکان لە ساڵانی دوای بەرە لەگەڵ بەعسدا ، ئەندامانی سەرکردایەتی بەرپرس بوون لە ئەو سیاسەتە خۆبەدەستەوەدەرانەی حیزب بەرامبەر بە بەعس و شەهیدبوونی هەزاران ئەندام و لایەنگری حیزب لە ئەنجامی دیکتاتۆریی و خۆبەزلزانییانەوە ، ئێستاش پاش 31 ساڵ هەر کەم و زۆر ئەو کەسانە و لە ڕێی حاشییەکانیانەوە حاڵی ئەو حیزبەیان بەو چارەنوسەی ئەمڕۆی گەیاندووە!

لە کۆتاییدا ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە سەردەمی هەڵمەتەکەی بەعسدا لە قەلاچۆکردنی شیوعییەکان لە ساڵی 1978 دا ، دەیان هەزار ئەندام و لایەنگر و دۆستانی حیزبی شیوعی گیران و نزیکەی" هەموویان "تەعەهود و پاکانەیان دا و دواتریش زۆربەی هەرە زۆریان پەیوەندییان بە حیزب و هێزە چەکدارییەکانیەوە کردەوە و ژمارەیەکی زۆریشیان لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بوون .ئەوە ڕاستییەکی مێژووەییە و مانای ئەوە نیە کە ئەو دەیان هەزار شیوعییە هەموویان ترسنۆک و ڕوخاوبوون ، بەلام ئەو حاڵەتە چەند جۆرێک بوو ، ئەو کەسانەی کە بەر ئەو هەڵمەتی گرتنانە کەوتن:

1- هەندێکیان بە ڕاستیی زانیارییەکی ئەووتۆیان نەدا بە بەعس کە زیان بە ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی بگەیەنێت و کەسیش دوای خۆی نەگیرا و بە زووترین کات پەیوەندییان

بە ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە کردەوە و هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانیان ئاگادارکردەوە و دوریانخستەوە لە گرتن و ئاشکرابوون و ڕاستیی بەسەرهاتەکانیان بۆ حیزب باسکرد.

2- هەندێکیان تا ئێستاش ڕاستیی بەسەرهاتی گرتنەکانیان بۆ حیزب باس نەکردووە و تا ئێستاش ئاشکراش نەبوون ، بەڵام خەڵکانێکی زۆر ئاگاداری ئەو ڕاستییانەن و حیزبیش خۆی لێ کەڕکردووە و هیچ ناکات!

3- هەندێک دوای ئەوەی کە بەربوون و چوونەتەوە ناو حیزب، بە شێوەیەکی ئەووتۆ ، پەیوەندییان بە بەعسەوە هەبووە. نمونەی ئەوەش زۆرە و کێشەی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی حشکیش لە لای هەموو کەسێک ئاشکرایە کە لە دوو کۆنگرەدا هەڵای لەسەر دروستئەبێت ، بەڵام سەرکردایەتییەکە هەر ئەیپارێزێت و هیچ ناکات ، هەرچەندە فایلیشی هەیە!

4- هەندێکیش دوای بەربوونیان و پەیوەندییکردنیان بە حیزبەوە ، ڕاستییەکانیان ئاوەژوو کردەوە و بە شێوەیەکی وا ساویلکانە بەسەرهاتی گرتنەکەیان ئەگێڕنەوە ، کە مەگەر تەنیا ئەبو فاروق و ئەو سەرکردایەتییە باوەڕی پێبکەن!

بەگوێرەی کتێبەکەی نائب ، وا دیارە ئەو لەم جۆرە و جۆری سێیەمە و هیچ دور نیە کە جۆرێکی تریش بێت کە تا ئێستا ئاشکرا نەبووە!

دواجار .. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ، هەزاران فایل کەوتە دەست حیزب ، بەڵام کەس ناوێرێت باسی کەسی تر بکات! چونکە لەوانەیە خۆشی کەم ، یان زۆر ، "برینداره" و نایەوێت خۆی توش بکات! هەر ئەوەشە وای کردووە کە کەس تا ئێستا بە شێوەیەکی جیددیی ئەو فایلانە ناکاتەوە و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە ناکرێت!

له هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی خوارەوەی حیزب و ئەندامان ، چاوەڕێی ئا ئەو سەرکردایەتییە ئەکەن کە حیزب بخاتەوە سەر ڕێی چینایەتی جارانی خۆی!

بە ڕاستیی سەیرە!

2009-09-01